# یەکگرتوو، ئۆپۆزسیۆنێکی رازیکراو *

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

باوەرناکەم هیچ حیزبێك بەقەدەر یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان خاوەنی گوتاری تەمومژبێت،ئەم حیزبە نە ئۆپۆزسیۆنەو نەدەسەلات، واتە هەم لە بەرەی حکومەتی عیراق وکوردستانداییەو هەمیش دژی ئەو حکومەتانە قسان ئەکات و ئەجولێتەوە، دروشمی گەندەڵی بەرز ئەکاتەوەو داخڵیش بە حکومەتی گەندەڵ ئەبێت و ئەبێتە شەریك بەش و شەریك شعوریان؟ ئایا هەموو ئەم دوالیزمانە بۆ حیزبێکی ئیسلامی و خاوەن جەماوەر لە غیابی خیتابی سیاسی و ستراتیجیدا نییە کە لە یەکگرتوودا ئەم خیتابە وونە، کە ریشاڵێکی ئیخوانی وەرگرتووەو لە پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە لەدەستی نوخبەیەکی دیاریکراودایەو نایەوێت خۆی نوێ بکاتەوە؟ یەکگرتوو ئێستا لە بەغداو لەناو پەرلەماندا کوتلەیە کوتلەش بەمانای سەنگ و قەبارە ، ئایا چی وای لەم حیزبە کرد بە وەزیرێکی بێوەزارەت و بێ کاروبار رازی بێت و سەری ماش و برنجی نەوی بکات، ئایا ترسی موقاوەمەی هەبوو؟ گوشاری ئیقلیمی لەسەربوو؟ لیستی هاوپەیمانی پێی کردن؟ چاویان لەو تۆزە  موچەو ئیمتیازە بڕیبوو؟ باشە خۆ یەکگرتوو لە باریدا هەبوو ببێتە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی بچوك باکاریگەریشی کەم بێت و لە هەڵبژاردنەکانیشدا تاقیکردەوە، خۆ لە وەزیرێکی دەرباری شا باشتر بوو، ئەی بۆچی کەوتە کێبرکێ و ململانێی خوێناوی و شەهیدی ئیصلاحیشیان لە بادینان بەخشی لەسەردەستی پارتی و دەیان دەنگی وەکو مامۆستا تاهیر بامۆکیشیان زایەکردو رەنجاند ئایا کە یەکگرتوو ئەم بەشداریە لاوازانەی لە خەیاڵ بوو نەدەبوو ئاگادارمان بکاتەوە ؟ ئایا بۆ درێژەی بە هەڵوێستەکانی نەداو بەرگەی نەگرت و تەسلیم بوو؟ ئاخر لەبەرانبەر ئەو دووپۆستە لاوازەی بەغداو کوردستاندا کە پۆستی تەنانەت کاراش نین یەکگرتوو چۆن وەڵامی جەماوەرە رەشپۆشەکەی ئەداتەوە لەکاتێکدا خەڵکی ئومێدێکیان هەڵچنی بوو لەسەر یەکگرتوو کە وەك دروشم بەرزی کردنەوە دژ بە گەندەڵی، کەچی ئەوەندەمانزانی سەرجەمی دەنگی ئەو جەماوەرە دووبارە درایەوە بە لیستی هاوپەیمانی تایەکێتی و پارتی پۆستەچەورەکانی خۆیان زامن و مسۆگەربکەن و یەکگرتووش هەناسەسوار، ئەم بێماناییە لە سیاسەتدا ئەگەرچی چەمکی سواڵکردنمان بیر ئەخاتەوە، هەمانکات رۆحی دیکتاتۆریانە و میرات کۆکردنەوە و قۆرخکاری لەیەکێتی و پارتیدا تۆخ ئەکاتەوە، دەریشی ئەخات یەکگرتووش لە غیابی گوتارو قەیراندا ئەژی و گوێش نادات بە کەس، رازی بوون و رازیکردنی یەکگرتووش لەدیدی ئەحزابی کوردستانی و عیراقییەوە بێگومان رازیکردن نییە بە پێدانی پۆست ئەوەندەی رازیکردنی یەکگرتووە تا دەست هەڵگرێ لە موعارەزەبوون و لە عصیانی مەدەنی ولەو هەڵوێستانەی پێشووی، بۆیە وای وێنا ئەکەم یەکگرتوو لەبەرانبەر مام زۆرابێکدا وەستابوو کەبەناچاریی دەستەکانی کردەوە بۆ وەرگرتنی چەند دەنکە مێوژێکی نایاب کەکەس تامی ناکات، لەکاتێکدا جەماوەری یەکگرتوو چاوەروانی ئەوەبوون کە یەکگرتوو خۆی مێوژوو مام زۆرابەکان بەرهەم بهێنێ و تامی تاڵیەکانی رابردوو لە دەمیاندا نەهێڵێ، بۆیە بەبروای من یەکگرتوو رازی نییە وەلێ ناچاریانە رازی کراوە، کە ئەمە بەراستی کارەساتی چوارساڵی ئەم حیزبەیە بۆیە هیچ پیرۆزیایی لە یەکگرتوو ناکەم.

* ئەم ووتارە لە هەفتەنامەی ئاوێنە ژمارە (21) 2006/5/30 بلاو بۆتەوە، بۆ ئاگاداری خوێنەر